**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ( ٢٦١٥ ) لە ٢٠١٧/٦/١٢**

## بڕیاری

## ژمارە ( ١١٢ )ی ساڵی ٢٠١٧

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، وئاماژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٣٠ ، و لەسەر پێشنیاری وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ، بڕیاردرا بە :**

**١- پەسندکردنی (نەخشە ڕێگای پەرەپێدان و چاکسازی لە کەرتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان ) ، کە وێنەیەکی پوختەی نەخشە ڕێگاکە هاوپێچی ئەم بڕیارەیە .**

**٢- ڕاسپاردنی وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار بۆ دانانی پلانی جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگای ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەو ڕاوێژکارە بیانیانەی کە هاوکاری وەزارەت بوون لە ئامادەکردنی نەخشە ڕێگاکە .**

**٣- پێویستە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەراپۆرتێکی دەوری ئەنجومەنی وەزیران لە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگاکە ئاگادار بکاتەوە .**

**٤-وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .**

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**